## زانست، هێزە

زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ تامەزرۆییان بۆ لێ حاڵیبوون لە زانست هەیە چونكە زمانە بیركارییەكەی بۆ مێشكی ئێمە بێگانە دەنوێنێ و زۆر جار ئەزموونی دوزرراوەكانی دژ بە تێگەییشتوویی مرۆڤی ئاسایی ڕادەوەستن. لە ٧ ملیارد مرۆڤی سەر زەوی چەند كەسیان لە زانستی "كوانتی میكانیك، خانەی بیۆلۆژی یا ماكرۆئوكۆنۆمی" تێ دەگەن؟ سەرۆكی وڵاتان و ژنراڵەكانیان ڕەنگە هیچ زانیارییەكیان سەبارەت بە زانستی فیزیك و شیمی و ... نەبێ بەڵام چاك دەزانن بۆمبی ئەتۆمی و گازی ژەهراوی چلۆن بەكار بێنن.

ساڵی ١٦٢٠ فرانسیس باكۆن "Francis Bacon" مانیفیستێكی زانستیی لەسەر بەشێكی نوێی ئۆرگانۆن "Organon" بڵاو كردەوە كە زیاتر بە سازكردنی كەرەسەیەكی نوێ مانا دەكرێتەوە: لێرەدا ئەو دێرە ناودارە دەنووسێ: **"زانست، هێزە"**. هەروەها دەڵێ: "بنەڕەتی ڕاستیی، بۆ زانین، ڕاست بوون یا ناڕاستبوونی نییە، بەڵكوو ئەویە كە چەند دەتوانی هێزمان پێ ببخشێ."

زانایان لەسەر ئەو بڕوایەن كە ناكرێ هیچ تیئۆرییەك سەداو سەد بە ڕاست دابنرێ. بەو هۆیە ووشەی "ڕاستەقینە" پێوەرێكی پڕ بە پێست بۆ سەلماندنی زانست نییە. مەزنترین پێوەر بۆ تەوەرە زانستییەكان ڕادەی كەڵك لێوەرگرتنیەتی. تیئۆرییەك كە هێز بە مرۆڤ دەبەخشێ، كەرەسەیەكی نوێ دەخاتە دەستی مرۆڤەوە و دەبێتە هۆی ئەویكە كارێكی نوێ پێك بێ، "زانستە".

لە چەندین سەدەی ڕابردووەوە زانست كەرەسەیەكی گەلێك زۆری خستۆتە بەر دەستی مرۆڤ. دیارە برێكیان ڕۆشنبیری لەسەر سرووشت و پێشبینیكردنی پەرەسەندنی خودی زانست ڕووندەكەنەوە. بەڵام گرنگترین كەرەسەكان كەرەسەی تێكنیكین. پەیوەندی نێوان تێكنۆلۆژی و زانست هێندە بەهێز بۆتەوە كە زۆر جار جیاوازیی نێوان ئەو دوانە ئاستەمە. مرۆڤ زۆر جار پێیوایە كە كەرەسەی نوێ بە بێ پشكنینی زانستیی پێك نایە و بە پێچەوانەش پشكنین بە بێ پێشكەوتوویی تێكنۆلۆژی هیچ مانایەكی نییە.

ئەو پەیوەندییەی نێوان زانست و تێكنۆلۆژی لە ڕاستیدا شێوازێكی تەواو نوێیە. پێش ساڵەكانی ١٥٠٠ ئەو دوو تەوەرە بە ڕاشكاوی دوو ڕێگای جیاوازیان هەبووە. كاتێ فرانسیس باكۆن لە سەرەتاكانی سەدەی ١٧ دا پێشنیاری تێكەڵاوكردنی ئەو دوو تەوەرەی دا، وەك بیرۆكەیەكی شۆڕشگێرانە سەیر كرا. لە ڕەوەندی پرۆسەی سەدەی ١٧ و ١٨ەدا و بە پێی كات ئەو دوو تەوەرە زیاتر لێك نیزیك بوونەوە. بەڵام لە سەدەی

١٩ بەولاوە بە ڕاشكاوی هەر كام ڕێی خۆیان گرت و وەك دوو تەوەری زانستیی جیاواز پەرەیان سەندووە. تەنانەت تا ساڵی ١٨٠٠ یش حوكومڕانان پێیان وابوو بە بێ پەرەسەندنی زانست و تێكنۆلۆژی دەتوانن شەڕەكانیان بەڕێوە بەرن و سەركەوتوویی وەدەست بێنن و هیچ خۆیان بەوەوە ماندوو نەدەكرد پارە بۆ تاقیكاریی و زانایان تەرخان كەن.

به پێی كات لێرە و لەوێ مرۆڤی كونجكاو بە بێ وەرگرتنی پارە وەخت خۆیان تەرخان دەكرد بۆ دۆزینەوەكان و پێكهێنانی كەرەسەی نوێ. بەڵام نەك وەك سیستەمێكی زانستیی پشكنین. بیری دانانی بەشێكی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی كاری زانستی شتێكی نەناسراو بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە بوو. بۆ وێنە تەنانەت لە سەرەتای دروستكردنی ماشێن و كەرەسەی كاری پیشەسازی لە شێواز و ماتریالی وەك یەك كەڵكیان وەردەگرت و هیچ شەریكەیەك پارەی بۆ بەشێكی تایبەت بە پەرەسەندنی كەرەسەكان بۆ دروستكردنی مودێلی نوێ تەرخان نەدەكرد. ئەگەریش شتێكی نوی یاخود كردارێكی نوێ پێكهاتبا تەنیا پەیوەندی بە كارزانی و ئەزموونی كارگەرەكانەوە هەبوو.

له هیچ بوارێكدا هێندە بە ڕاشكاوی هەوڵی هەنگاو بۆ پەرەسەندن نەدراوە، وەك لە بواری نیزامیدا. ئەمڕۆ تێكنۆلۆژی كەرەسەی نیزامی و زانست وەك دوو بەری سكەیەك وان. هەركات كێشەیەكی تاكتیكی، سیاسی یا ستراتیژیكی پێش بێ، بە پەلە بۆ چارەسەركردنی ڕوو دەكەنە زانایانی ئەو بوارە. كاتێ لە شەڕی یەكەمی جیهانیدا دوو بەری شەڕ لە قوڕی كاتییدا چەقیبوون هەر دووك بەرە پەنایان بۆ زانیارانی خۆیان دێنا كە بۆ سەركەوتوویی، كەرەسەی نوێ بدۆزنەوە. مرۆڤ لە جلو بەرگی سپیدا قۆڵیان لێ هەڵكرد و كەرەسەی سامناكی وەك گازی ژەهراوی، فڕۆكەی شەڕ، كەشتی ژێردەریایی، بۆمب و جڕ و جانەوەری سەیری تریان دۆزییەوە. لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا سەنگەری زانیاریی بۆ دۆزینەوەی كەرەسەی شەڕ هێندەیتر گرنگایەتی پێ درا. كاتێ ئاڵمانییەكان كۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ هەستیان بە هەرەسهێنانی تەواو كرد، سەرەڕای ئەوەش درێژەیان بە شەڕ دا چونكە ئیمانیان بە كەرەسەی نوێ وەك راكێتی "V2" هەبوو. هاوكاتیش لە شاری مانهاتنی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەوڵی پڕۆژەی دۆزینەوەی بۆمبای ئەتۆمی دەدرا.

نەتەنیا بۆ هێرشكردن بەڵكوو بۆ بەرگریكردنیش لە زانیاریی زانستی كەڵك وەردەگیرترێ. لەمڕۆدا زۆربەی خەڵكانی ئەمریكایی تێرۆریسم بە كاردانەوەی هەرەس هێنانی سیاسەت دنانێن، بەڵكوو بە كێشەی تێكنیكیەوەی دەلكێنن. ئەوان پێیان وای كە بە تەرخانكردنی پارەی پێویست لە بواری تێكنۆلۆژی دەتوانن زەفەر بەسەر ئەو كێشەیەدا بێنن. لەگەڵ دەستپێكی شۆڕشی پیشەسازی و گەورەبوونەوەی كاپیتالیزم لە جیهاندا،

زانست، پیشەسازی و تێکنۆلۆژی شەڕخوازی پەیوەندییەکی نەپسانەوەیان پێکهێنا. ئەوکاتەش بە تەواوی ئاوێتەی یەکتر بوون، دنیایان گۆڕی.

درێژەی هەیە...